# مووچەی هەرێمی کوردستان و بێ دیناری بانکی ناوەندی یان وەزارەتی دارایی عێراق ؟

25-11-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بابەتی نەبوونی دینار یان نەختینە بۆ دابەشکردنی مووچەی مانگی تشرینی دووەمی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق و مووچەی مانگی ئەیلوولی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ژمارەکانی بانکی ناوەندی، وەزارەتی دارایی و نەوتەوە دەگەڕێتەوە. هەرچەند نەبوونی نەختینە لای بانکی ناوەندی زۆر جیاوازە لە نەبوونی دینار لای وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەوەی لە ژمارەکانەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بانکی ناوەندی بێ دینار نییە و بگرە خستنەڕوو و دەرکردنی پارەی کەمکردووەتەوە؛ ئەوە وەزارەتی داراییە جیاوازیی داهات و خەرجییەکانی زیاتر بووە و یەکەم شوێنیش بۆ کەمکردنەوە، هەرێمی کوردستان بووە.


بابەتی نەبوونی دینار یان نەختینە بۆ دابەشکردنی مووچەی مانگی تشرینی دووەمی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق و مانگی ئەیلوولی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بۆ ژمارەکانی بانکی ناوەندی، وەزارەتی دارایی و نەوتەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام نەبوونی نەختینە لای بانکی ناوەندی زۆر جیاوازە لە نەبوونی دینار لای وەزارەتی دارایی، ئەوەی لە ژمارەکانەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە بانکی ناوەندی بێ دینار نییە ،بەڵکو خستنەڕوو هەروەها دەرکردنی پارەی کەمکردووەتەوە؛ وەزارەتی داراییە جیاوازیی داهات و خەرجییەکانی زیاتر بووە و یەکەم شوێنیش بۆ کەمکردنەوە، هەرێمی کوردستان بووە.

عێراق وڵاتێکی پشتبەستووە بە نەوت، دەبێ داهات و خەرجییەکانی بەگوێرەی نرخی نەوت بێت، نەوەک پلانی حکومەت و بودجەی ساڵانەی، بەپێی بانکی ناوەندی، 10 ساڵ زیاترە نەوت رێژەی ٩٩٪ـی کۆی هەناردەکەی و ٨٥٪ـی کۆی بودجەکەی و ٤٢٪ی کۆی گەشەی بەرهەمە نێوخۆییەکەی پێکدەهێنێت؛ هەرچەندە لەڕووی داهاتەکەیەوە بانکی جیهانی کەمی گوتووە، لەڕاستیدا لەم ساڵانەی دواییدا ٩٠٪ـی تێپەڕاندووە.

لە عێراق نرخی نەوت حوکمی ئابووریی دەکات، نەک یاسای بودجەی ساڵانە و پلانی پێنج ساڵە و دە ساڵەی نەخشەی ئاوەدانی،لە نۆ مانگی رابردوو دا بەپێی وەزارەتی نەوت ،کاتێکداهاتی بەدەستهاتوو 62 ملیار دۆلار بێت ئەوا بانکی ناوەندی عێراق 81 تریلیۆن دینار بۆ خەزینەکەی وەزارەتی دارایی دابیندەکات، نەک 97 تریلیۆن دینار کە خەرجی وەزارەتی دارایی دەبێت لەو ماوەیەدا.

بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندیی عێراق (CBI)، وڵاتەکە نەک کێشەی نەختینە و هەبوونی دیناری نییە، بەڵکو لەماوەی یەک ساڵدا وەکو سیاسەتی نەختینەیی خۆی 4.5 تریلیۆن دیناری کشاندووەتەوە،بۆ نموونە، بڕی دەرکردنی دیناری عێراقی لە مانگی ئەیلوولی 2024دا لە 104 تریلیۆن دینارەوە کەمکردووەتەوە بۆ 99 تریلیۆن دینار؛ زۆرترینیشی لە بازاڕەکان کشاندووەتەوە نەک لە بانکەکان، وەکو لە خوارەوەدا روونکراوەتەوە.


**گرافیک 1: خستنەڕووی دینار لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق 2024 و 2025**




**سەرچاوە، بانکی ناوەندی عێراق، ئاماری بوڵتەنی مانگانە، رۆژی دەسخستن 24ی تشرینی دووەمی 2025**

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی نەختینەی بانکی ناوەندیی عێراق پەیوەستە بە داهاتی نەوتەوە، ئەگەر سەیری گرافیکی سێیەم بکەین دەردەکەوێت لە ئەیلوولی 2024وە داهاتی نەوت کەمدەبێتەوە ،بانکی ناوەندیش بڕی پارەی دەرکراو (**Issued Currency**) کەمدەکاتەوە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە، واتە ئەوە نرخی نەوتە سیاسەتی بانکی و دارایی ئابووری دادەڕێژێت و بانکی ناوەندی ناچار دەکات بڕی پارەی بازاڕ و بانکەکان کەم و زیاد بکات.

**گرافیک 2: بڕی نەوتی هەناردەکراو و داهاتەکەی بەپێی راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی نەوتی عێراق لە 2024-2025**





سەرچاوە: وەزارەتی نەوت، 13ی تشرینی دووەمی 2025

ئەوەی ئێستا روودەدات کەمبوونەوەی بەردەوامی مانگانەی داهاتی وەزارەتی داراییە لەچاو خەرجییەکانی، نەک نەبوونی نەختینە وەکو بڵاوکراوەتەوە، لە گرافیکی خوارەوەدا هاتووە ئەگەر لەمانگی ئەیلوولیش خەرجییەکانی 8 ملیار دۆلار بووبێت، ئەوا جیاوازییەکەی داهات و خەرجی لەم نۆ مانگەی ساڵدا گەیشتووەتە سەرووی 4.4 ملیار دۆلار

لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا وەزارەتی دارایی بە قەرزی نیوخۆیی کورتهێنانی پڕ کردووەتەوە، هەربۆیەش بڕەکەی لەکۆتایی 2023دا 55 ملیار دۆلار بووە، بەڵام تاوەکو چارەکی سێیەمی ئەمساڵ دەگاتە 67 ملیار دۆلار، واتە لەو ماوەیەدا بەڕێژەی 21٪ بەتەنیا قەرزی نێوخۆیی زیادیکردووە.

خاڵێکی دیکە لەو سیاسەتەدا ئەوەیە، بەردەوام ناتوانرێت قەرز بکرێت و کورتهێنانی پێی پڕبکرێتەوە، چونکە بەردەوامیدان بە خەرجییەکان وادەکات لەکۆتایی ساڵدا داهاتی بەدەستهاتوو ببێتە قەرز، هەربۆیەش دەبێت خەرجی کەمبکرێتەوە، نەک کورتهێنان پڕ بکرێتەوە،یەکەم شوێنیش بیری لێکراوەتەوە دواخستنی مووچەی هەرێمی کوردستان بووە سەرەڕای رادەستکردنی نەوت و داهاتی نێوخۆ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە.

**گرافیک 3: داهات و خەرجییەکان لە 2024 و نۆ مانگی 2025 دا لە وەزارەتی داراییەوە**




**سەرچاوە: وەزارەتی دارایی، ڕاپۆرتی مانگانەی داهات و خەرجییەکان، ڕۆژی وەرگرتنی داتاکان 22ی تشرینی دووەمی 2025**

**تێبینی، داهات و خەرجی مانگی ئەیلوول 2025، بەتێکرای هەشت مانگی ڕابردوو ئەمساڵ وەرگیراوە.**

**تێبینی 2، نرخی یەک دۆلار بە 1300 دینار دانراوە لە گۆڕینی دینار بۆ دۆلار**

بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوت و دارایی وەکو لەگرافیکی یەکەمدا هاتووە، داهاتی نەوت مانگانە لەنێوان 6 بۆ 7 ملیار دۆلارە، بەڵام خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی لەم مانگانەی کۆتاییدا دەگاتە 10 ملیار دۆلار نەک 8 بۆ 9 ملیار دۆلاری ئاسایی مانگانە. ئەم جیاوازییە تا گەورەتر بێت باری وەزارەتی دارایی قورستر دەبێت نەوەکو بانکی ناوەندی، چونکە بانکەکە چەند داهات بێت ئەوەندە دینار دەدات، واتە تواناکەی بەقەد داهاتەکەیە نەوەکو خەرجییەکە، هەربۆیەش دەرکردنی دیناری لە سیاسەتی نەختینەی عێراق کەمکردووەتەوە تاوەکو زیادی بکات، وەکو لەگرافیکی یەکەمدا هاتووە.

هەروەها، کاتێک خەرجی زیاد دەکەیت و داهاتت کەمدەبێتەوە، کورتهێنان دەردەکەوێت و ناشتوانێت قەرزی دەرەکی بۆ بکەیت و قەرزی نیوخۆیش فریای ناکەوێت، باسەکە دێتەسەر نەبوونی دینار لای وەزارەتی دارایی نەک بانکی ناوەندی، چونکە لەبەرئەوەی خەرجییەکە بۆ وەبەرهێنان نییە، بانک و دامەزراوە ئابوورییەکانیش ناتوانن خەرجییەکی بۆ دابین بکەن یان کورتهێنانێکی بۆ پڕبکەنەوە لەکاتێکدا بۆ مووچە، چاودێری کۆمەڵایەتی و پاداشت و هاوکاری و پاڵپشتی دابینکردنی وزە بێت کە لە ساڵێکدا گەیشتووەتە 102 تریلیۆن دینار.

ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە لەم حکومەتەدا بە بەراورد بەساڵانی ڕابردوو و کابینەکانی پێشوو، هەرێمی کوردستان نەوتی ڕادەستکردووە و داهاتی نانەوتی ناردووە و دوو مانگیشە سۆمۆ نەوتەکەی دەفرۆشێت و بڕەکەی لە مانگی ڕابردوودا 5.8 ملیۆن بەرمیل بووە، لەم مانگەشدا بەهۆی بەردەوامی هەناردەکردنەوە بڕەکەی زیادیکردووە و ڕۆژانە 200 هەزار بەرمیل بێت، واتە پێکەوە دەگاتە سەرووی 11 ملیۆن بەرمیل نەوت و داهاتەکەشی بەنرخی بەندەری جەیهان بۆ نەوتی عێراق نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار یان 900 ملیار دینار دەبێت، ئەمەش سەرەڕای ڕادەستکردنی 120 ملیار دینار داهاتی نانەوتی کە بەتێکڕای مانگانە بەڕێژەی 9.4٪ بەشداری لەکۆی داهاتی نانەوتی عێراق دەکات، کەچی هێشتا مووچەی مانگی ئەیلوولی بۆ نانێرێت و دەستدەکات بە دابەشکردنی مووچەی مانگی تشرینی دووەمی فەرمانبەرانی خۆی.

ئێستا کەباس لەنەبوونی نەختینە دەکرێت درووست نییە، بەڵکو دەبێت باس لە کەمی داهات و زۆری خەرجی بکرێت، چونکە کاتێک خەرجی وڵات دەکەیتە مووچە و هاوکاری و پاداشت و چاودێری کۆمەڵایەتی دینار نەک بەرمیلە نەوتی 70 دۆلاری بگرە 80 دۆلاریش بەرگەی ناگرێت.

لەکۆتاییدا، بانکی ناوەندی نەوەک ناتوانێت بۆ نۆ مانگ سەروو 15 تریلیۆن دینار کورتهێنان بۆ وەزارەتی دارایی پڕبکاتەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی دینار ،سیاسەتی نەختینەی خۆی بچووک دەکاتەوە نەک فراوانکردنی.